ئەگەر بە قەد شاخی ئوحود ئاڵتون ببەخشیت ئەوا خوای گەورە لێت قبوڵ ناکات هەتا باوەڕ بە قەدەر دەهێنیت، وبزانیت ئەوەی تووشت بووە بۆی نەبووە تووشت نەبێت ونەیەتە ڕێت، وئەوەی تووشت نەبووە بۆی نەبووە تووشت بێت وبێتە ڕێت، وئەگەر لەسەر بیروباوەڕێکی تر جگە لەمە بمریت ئەوا لە ئەهلی دۆزەخیت

لە ئیبن دەیلەمیەوە دەڵێت: هاتم بۆ لای ئوبەی کوڕی کەعب، ووتم: شتێک هەیە لە دڵمدا سەبارەت بە قەدەر، شتێکم پێ بڵێ؛ بەڵکو خوای گەورە لەسەر دڵمی لابەرێت، ئەویش ووتی: «ئەگەر بە قەد شاخی ئوحود ئاڵتون ببەخشیت ئەوا خوای گەورە لێت قبوڵ ناکات هەتا باوەڕ بە قەدەر دەهێنیت، وبزانیت ئەوەی تووشت بووە بۆی نەبووە تووشت نەبێت ونەیەتە ڕێت، وئەوەی تووشت نەبووە بۆی نەبووە تووشت بێت وبێتە ڕێت، وئەگەر لەسەر بیروباوەڕێکی تر جگە لەمە بمریت؛ ئەوا لە ئەهلی دۆزەخیت (واتە: ئەگەر باوەڕت بە قەزا وقەدەری خودا نەبێت ئەوا لە ئەهلی دۆزەخیت)». ئیبن دەیلەمی دەڵێت: «هاتم بۆ لای عبداللەی کوڕی مەسعود، وحوزەیفەی کوڕی یەمان، وزەیدی کوڕی سابت، هەموویان هەمان شتیان بۆ گێڕامەوە کە لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- ئەمەیان بیستبوو».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

عبداللەی کوڕی فەیروزی دەیلەمی -ڕەحمەتی خوای لێبێت- لە ناخیدا شتێک لە گومان هەبوو سەبارەت بە قەدەر، بۆیە ترسا لەوەی کە ئەم گومانە بێتە هۆی ئینکار کردنی قەدەر، بۆیە پرسیاری لە زانایەک کرد لە هاوەڵانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بەم بابەتە بۆ ئەوەی بۆی چارەسەر بکات. ئەمە دەریدەخات کە پێویستە مسوڵمان پرسیار بکات لە زانایان سەبارەت بە شتێک لە لای ڕوون نییە یان جێگای گومانە، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: {فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ}[النحل: 43]، واتە: {ئێوە پرسیار لە ئەهلی زیکر (زانایان) بکەن ئەگەر سەبارەت بە بابەتێک یان مەسەلەیەک نازانن}، ئەو زانایانە فەتوایان بۆ عبداللە دا کە دەبێت باوەڕی بە قەزا وقەدەر هەبێت، وهەروەها پێیان ووت بەخشینی سامانێکی زۆر لە کەسێک قبوڵ ناکرێت ئەگەر باوەڕی بە قەزا وقەدەر نەبێت، وئەوەی بمرێت لەسەر باوەڕ نەبوون بە قەزا وقەدەر ئەوا لە ئەهلی دۆزەخ دەبێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5954